www.kurdistannet.org
20-1-2006 0:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# (ووزەی سەوز) بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئەڵمانیا... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



لە بواری تەکنەلۆجیای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی بەهۆی هێزی (با) ئەڵمانیا بە یەکیک لە وڵاتە پێشەنگەکانی ئەو بوارە دەژمێردرێت هەم لە لە دروستکردنی ئەو وزەیەو هەم لە دروستکردنی ئامرازو ئامێرەکان لەو بوارەدا. هەروەها گەلی ئەڵمانیش بە میللەتێکی رۆشنبیرو بەئاگا دادەنرێت لە رووی پاراستنی ژینگەو حەزکردنی بەبەکارهێنانی ئەو سەرچاوە ووزانەی کە زیان بە کەش و هەوای دەوروبەر ناگەیەنن. هە ر ئەو شتەش بوو کە حوکمەتی ئەڵمانی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چڕ و لە هەموو ناوچەکانی ئەڵمانیا بە هەزاران وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە هۆی (با) وە لە و بیست و پێنج ساڵەی دوایی جهێنەجێ بکات کە ئەوەش بێگومان دەبێتە هۆ ی زیاتر پێشکەوتن و بەدواداچوونی نوێترین زانست و تەکنەلۆجیا ی پەیوەندیدار. گرنگیە هەرە بایەخدارەکەی ئەوەیە کە ژینگە پیس ناکات و گازە زیانبەخشەکان دروست ناکات کە تێکەڵی هەوا دەبن وەک لە سووتەمەنیە ئاساییەکانی تر. ئێستا لە سەرجەمی ئەو وڵاتە ١٢٥٩٠ پەروانەی لەو شێوە هەن کە بڕی ٩٨٥٠ مێگا وات کارەبا بەرهەم دەهێنن (کارەبای پێویست بۆ هەموو عێراق بۆ باشترین ئاست ئەمڕۆ نزیکەی ٨٠٠٠ مێگا واتە!) . بێگومان سوودی تریشی هەیە و جگە لەوەی کە بە وزەی سەوز ناوزەند دەکرێت بۆتە هۆی دروستکردنی دەیان هەزار هەڵی کاریش (فرێە عمل) و هەمیشە لە زیادبوونیشدایە لە بەر زۆر بوونی داواکردن لەسەری.

سەرەڕای ووزەی با ئەڵمانیا بە پێشکەوتووترین ووڵاتی جیهان دەژمێردرێت لە بواری کەڵک وەرگرتن لە وزەی خۆر هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ توانی گەورەترین وێستگەی کارەبا بەم شێوەیە دابمەزرێنێ و بە هۆی ٣٣٥٠٠ پەپکەی خۆری (لوحە شمسیە) بتوانێ ٥٠ مێگا وات بەرهەم بهێنێ کە تێڕای ١٨٠٠ ماڵ دەکات لە ویلایەتی ساکسۆنیا. بەڵام کۆی بەرهەم بەم شێوەیە لە ئەڵمانیا دەگاتە ٣٠٠ مێگا وات. ئاخۆ کەی رۆژێک دێت ئێمەش بە هەوڵ وئەرک و ماندوبوونی ئەندازیارانمان بتوانین هەموو یان هە ربەشێکی کارەبای پێویستی هەرێمی کوردستان بەم شێوانە بەرهەم بهێنین چونکە لە کوردستان هەم تیشکی خۆرمان زیاترەو هەم هێزی (با) ش بەو بڕە هەیە کە ئامانجەکەمان بپێکێ. ئیتر وابزانم کاتی ئەوە هاتوە کە هەنگاو بۆ پرۆژەی لەو چەشنە بنێنین تا رۆژێک بێت ئیدی پە روانەکان لەسەر چیا سە رکەشەکانمان بخولێنەوەو ببنە هاندەری جووڵەو چالاکی زیاتری ئێمەش!



وێنەی چەند پەروانیەکی پەیداکەری کارەبا بە هۆی (با)